# داكۆكیكردن و یاسا ژینگەییەكان بۆ پارێزەرانی ئاوی عێراق

لایەنی جێبەجێكار | هاوبەش | ئەم پرۆژەیە پشتگیری دارایی كراوە لە لایەن یەكیەتی ئەورووپاوە

هەواڵنامەی ژمارە ١٣ | تشرینی یەكەم – ٢٠١٦ 

## قۆناغی یەكەمی پرۆژەی پاك كردنەوەی ئاوی ناوچەی گەشتیاری سەراو – سەرای سبحاناغا

پرۆژەی داكۆكیكردن لە ڕێكخراوی سروشتی عێراق لە بەرواری 15ی ئابی 2016، هەستان بە هەڵمەتێكی پاك كردنەوەی سەرچاوە ئاوییەكانی قەزای سەید سادق وە بەتایبەت ناوچەی گەشتیاری سەراو ( سەرای سبحاناغا ) بە هاوكاری فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی و پارێزەرانی ئاوی عێراق و شارەوانی سەید سادق و كۆمەڵێك گەنجی خۆبەخش، توانرا وەك قۆناغی یەكەم بەشێكی زۆری ئاوەكە پاك بكرێتەوە لە پیسی و پاشماوەی كۆبۆوە بە بەكارهێنانی بەلەم، داس، كرێن بۆ كۆكردنەوەی پاشماوەكان وە ئۆتومبێلی تایبەت بە فڕێدانی پاشماوە كۆكراوەكان، لە هەمان ڕۆژ وەك ئەركی پرۆژەی داكۆكیكردن لە سەرچاوە ئاوییەكان هەستاین بە بڵاوكردنەوەی هەندێك بروشەری تایبەت بە (پاك ڕاگرتنی سەرچاوە ئاوییەكان و چۆنێتی پاراستنیان) بەسەر ئەو هاوڵاتییانەی كە لەو ناوچە گەشتیارییەكەدا بوون.

پرۆژەی داكۆكیكردن لە سەرچاوە ئاوییەكان، بەردەوام هەوڵی بە پاك ڕاگرتنی سەرچاوە ئاوییەكانی هەرێم دەدات لەبەر ئەوەی پیس بوونی ئاوەكان بە ڕاستەوخۆیی كاریگەری لەسەر كەرتی كشتوكاڵ و بەربوومە خۆماڵییەكان هەیە جگە لەوەی پیس بوونی ئەم ئاوانە لە ڕووی فیزیایی یەوە ژیانی ماسی یەكان و گیاندارە ئاوییەكان دەخاتە مەترسی یەوە و هەڕەشەیەكی ڕاستەخۆی دەبێت بۆ سەر تەندروستی و گیانی هاوڵاتیانی هەرێم بە گشتی.

وە هەروەها پرۆژەكە گرنگی دەدات بە هێشتنەوەی ناوچە گەشتیارییەكان لەبەر ئەوەی هەرێمی كوردستان دەوڵەمەندە بە ناوچەی گەشتیاری وچەندین ناوچەی گەشتیاری دڵڕفێنی هەیە كە لە ڕووی ئابووری یەوە گرنگی یەكی زۆری هەیە و دەكرێت حكومەتی عێراق و هەرێم و لایەنە پەیوەندی دارەكان لە لای خۆیانەوە ئاوڕێكی جدی تر لەم بابەتە بدەنەوە و پلانێكی ستراتیجی درێژ خایەن دابنێن بە تایبەت لە دوای دروست كردنی كۆمەڵێك بەنداوی زۆر لە لایەن حكومەتی ئیران و توركیاوە لە نزیك سنورەكانیان لەگەڵ عێراق كە ئەگەری وشك بوونی بەشێكی زۆر لە ڕووبارەكانی هەرێم لە داهاتوودا لە ئارادایە كە دەبێتە زیانێكی گەورە بۆ ناوچە گەشتیارییەكان لەبەر ئەوەی بەشێكی زۆر لەو ناوچانە گەشتیارییانە نزیك چەم و ڕووبارەكانن.










## زیادە ڕۆیی كردن لە بەكارهێنانی ئـاوی خواردنەوەی مـاڵان و سزای یاسایی سـەرپێچـی كـاران

بە پێی بڕیاری ژ. ٥٠٤ لە بەرواری ٢١ی ئاب ٢٠٠٥ز هەرێمی كوردستان – عێراق، سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران. غرامەكان لە خوارەوە ڕوونكراونەتەوە:

سەربانی ماڵێك لە شاری سلێمانی..
بەفیڕۆدانی ئاو بەهۆی بەكار نەهێنانی تەوافەوە!



| جۆری سەرپێچی | تاوانە (غرامە) بە دینار |
|---|---|
| * بەستنی پەمپ لەسەر بۆری سەرەكی بۆ یەكەم جار: | ٣٠,٠٠٠ دینار |
| * بەستنی پەمپ لەسەر بۆری سەرەكی بۆ دووەم جار: | ٦٠,٠٠٠ دینار |
| * بەستنی پەمپ لەسەر بۆری سەرەكی بۆ سێیەم جار: | بڕینی ئاو بۆ ماوەی ٦ مانگ و دەست بەسەراگرتنی پەمپەكە بۆ گەنجینەی دەوڵەت. |
| * بەستنی ئاو (١/٢) ئینج بە سەرپێچی: | ٥٠,٠٠٠ دینار |
| * بەستنی ئاو (٣/٤) ئینج بە سەرپێچی: | ٧٥,٠٠٠ دینار |
| * بەكارهێنانی ئاوی خواردنەوە بۆ شتنی شەقام و ئۆتومبێل و ئامێر: | ٧,٥٠٠ دینار |
| * نەبوونی تەوافەی تانكی ئاو: | ٧,٥٠٠ دینار |
| * شكاندنی بۆری سەرەكی: | بەپێی هێندی تێچووی ( كلفە ) چاكردنەوەی. |

داكۆكیكردن و یاسا ژینگەییەكان بۆ پارێزەرانی ئاوی عێراق

ئەم پرۆژەیە پشتگیری دارایی كراوە لە لایەن یەكیەتی ئەورووپاوە | هاوبەش | لایەنی جێبەجێكار

ئامادەكراوە لە لایەن : دیاری محمد رشید – پرۆژەی داكۆكیكردن Www.Natureiraq.org

## كۆبونەوەی هاوبەشی ڕێكخراوی سروشتی عێراق لە هۆڵی كیدۆ – سلێمانی

لە بەرواری ٢٣ی ئابی ٢٠١٦، پرۆژەی داكۆكیكردن لە ڕێكراوی سروشتی عێراق هەستا بە ئەنجام دانی كۆبوونەوەیەكی هاوبەش لە ژێر كەمپینی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە هۆڵی ڕێكخراوی گەشەپێدانی ئابووری كوردستان (كیدۆ) لە سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ كۆمەڵەی كوردستانێكی سەوز و بە ئامادەبوونی كەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە ناو حكومەتی هەرێم و ڕێكخراوەكان تایبەت بە بابەتەكانی كۆبوونەوەكە بە ئەنجام گەیەندرا.

• دەست پێكی كۆبوونەوەكە لە لایەن بەڕێز مامۆستا حسام - بەڕێوەبەری ڕێكخراوی كیدۆ وە خوێندرایەوە و باس لە لە ناوەڕۆكی كۆبونەوەكە كرا، دواتریش باس لە چەند تەوەرێكی گرنگی ژینگەیی كرا لە وانە پیس بوونی ئاو و خاك و هەوا و خستنە ڕووی كێشەكان و پلانی چارەسەركردنیشیان.

دواتریش لە لایەن خاتوو شیلان عزیز (پارێزەر - بەڕێوەبەری پرۆژەی داكۆكیكردن لە سروشتی عێراق)ەوە باس لە ڕێنمایی ژ. ١ی ساڵی ٢٠١٥ی تایبەت بە (ڕاوكردن و پاراستنی ئاژەڵی كێوی و باڵندەكان) كرا و كەم و كوڕییەكانی ئەم ڕێنمایییەی خرایە ڕوو و بەشداربووانی كۆبوونەوەكەش سەرنج و تێبینی خۆیان دەربارەی ئەم یاسایە خستە ڕوو. ڕێكخراوی سروشتی عێراق بۆ جاری دووەمە كە كۆبوونەوە ڕێك دەخات سەبارەت باشتر كردنی ئەم ڕێنماییە وە ئێمە وە سروشتی عێراق كار دەكەین بۆكۆكردنەوەی سەرنج و تێبینی یەكانی كەسانی شارەزا و پسپۆڕ و لایەنی تایبەت بە بوارەكانی ڕاوكردن لە هەرێمی كوردستان بۆ گەڕاندنەوەی سەرنج و تێبینیەكانی تایبەت بەم ڕێنماییە بۆ دەستەی ژینگە لە هەرێم بۆ دووبارە هەموار كردنەوەی.

پرۆژەی داكۆكیكردن، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە كە هانی لایەنە پەیوەندیدارەكان و خاوەن بڕیارەكان بدات لە پێش دەرچواندنی هەر یاسا و ڕێنمایی و پەیڕەوێكدا، ڕا و بۆچونی كەسانی پسپۆڕ و شارەزا وەربگیرێت لە بوارە جیا جیاكانی ژینگەدا وە بۆچوونی ڕێكخراوە ژینگەییەكان بە هەند وەربگیرێت، هەتا هەموومان بەیەكەوە بتوانین خزمەتی باشتر بە ژینگەی هەرێم بكەین بە تایبەت لە بوارە یاساییەكەیدا.






## پاراستنی سەرچاوە ئاوییەكانی كوردستان

لە بەرواری ٢٧ی تەموزی ٢٠١٦، پرۆژەی داكۆكیكردن بە هاوبەشی لەگەڵ كۆمەڵەی كوردستانێكی سەوز هەستان بە ئەنجام دانی سەردانی مەیدانی بۆ هەردوو قەزای پشدەر ( قەڵادزێ) و ڕانیە بۆ لە نزیكەوە بینینی سەرچاوە ئاویەكانی هەردوو ناوچەكە و لێكۆڵینەوە لە ئەنجام دانی پرۆژەیەكی تایبەت بۆ پاك ڕاگرتنی بەشێك لە سەرچاوە ئاوییەكانی ئەم ناوچانە چونكە بەشی زۆری زێرابی ناوچەكان تێكەڵ بە سەرچاوە ئاویەكانیان دەبن، ئەمە لە كاتێكدایە كە بە هۆی بەپیتی خاكی ئەم ناوچانەوە بۆ كشتوكاڵ چەندین بەروبومی خۆماڵی لێ بەرهەم دەهێنرێت. سروشتی عێراق پلانێكی تۆكمەی داڕشتوە بە پشتگیری دارایی یەكیەتی ئەورووپا و لەژێر سەرپەرشتی پرۆژەی داكۆكیكردن هەستێت بە ئەنجام دانی پرۆژەیەكی تایبەت بە ڕێگری كردن لە تێكەڵ بوونی پیسی بە چاو بینراو (وەك لە وێنەكانی خوارەوەدا ڕوون كراوەتەوە) بە هەڵكەندنی سێ چاڵی یەك لە دوای یەك لە هەندێك سەرچاوەی ئاوی ئەم ناوچانە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە هەمان بەروار سەردانی قایمقامیەتی هەردوو قەزاكە و شارەوانی پشدەرمان كرد بە مەبەستی ئاگابوون وە گرتنە بەری ڕێكاری یاسایی لە كاتی ئەنجام دانی پرۆژەكە لە داهاتوو دا.










## سزای بیر لێدان بە شێوەی نا یاسایی لە هەرێمی كوردستان



**هەڵكەندنی بیری بێ مۆڵەت بە ئامێری نووسینگەی مۆڵەت پێ دراو بۆ یەكەم جار بە بڕی ١ ملیۆن دیناری عێراقی سزا دەدرێت بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابوری لەگەڵ ڕاگرتنی كاركردنی ئامێرەكە بۆ ماوەی ٦ مانگ وە لە گەراجی بەڕێوەبەرایەتییەكانی ئاوی ژێر زەوی دەست بەسەر دەكرێت و مۆڵەتەكەشی لێوەردەگیرێتەوە تا تەواوبوونی ماوەی سزاكەی. لە كاتی دووبارەكردنەوەی سەرپێچیەكەدا سزاكان دەبن بە دوو هێندە.**

**بە پێی مادەی ژ.١٤ بڕگەی ١ و ٢ لە ڕێنمایی ژ. ١ ی ساڵی ٢٠١٤ ڕێنمایی تایبەت لە هەڵكەندنی بیری ئاو لە هەرێمی كوردستان – عێراق**

## سووڕی ژیانی زەردەواڵە



ئەندازیار: دلێر رەئوف – خۆبەخش

**زەردەواڵە** یاخود **شەنەسوورە** یاخود **ژەنگە سوورە** ( الزنبور الشرقي ) یەكێكە لەو مێروانەی كە زیانی زۆر بە برا جووتیارەكان دەگەیەنێت بەخواردنی میوەهات بەتایبەتی ترێ و هەرمێ و هەنجیر و قۆخ و خواردنی توێكڵی دارەكان وەهەروەها زیانی زۆر بە هەنگ دەگەیەنێت و ئازارێكی زۆر بە ئادەمیزاد دەگەیەنێت لەكاتی پێوەدانیدا و هەندێک جار دەگاتە ڕادەی مردن، وەهەروەها زیان بە ئاژاڵیش دەگەیەنێت.

بە مەبەستی كەمكردنەوەی ئەم مێرووە زیان بەخشە پێویستە لە سوڕی ژیانی شارەزا ببین كە بەكورتی بەم شێوەیە‌یە: دوای ئەوەی شای زەردەواڵە پیتێنراوەكان ( الملكات المخصبة ) لە زستاندا لەناو درز و قلیشی دار و دیواردا خۆیان حەشاردابوو، لەوەرزی بەهاردا دێنە دەرەوە و دەگەڕێن بۆ دروستكردنی شار لەناو درز و قلیشی دار یاخود لە زەویدا ، لە سەرەتادا چەند چاوێک دروست دەكات بۆ مەبەستی گەرادانان. لەپاش ٢٩ ڕۆژ هەموو كۆمەڵە گەراكان دەبنە زەردەواڵەی مێ یاخود پاڵە ( كارەكەر ) ، ئیتر دواتر شـا كاری تەنها گەرادانان دەبێت بە درێژایی مانگی ٦ بۆ مانگی ١٢، زەردەواڵە پاڵەكانیش ژمارەی چاوەكان زیاد دەكەن و پاشانیش شانەی تازە هەروەها خۆراک دێنن بۆ كرمە تازەكان. لەناوەڕاستی مانگی ٩ وە، شـا دەست دەكات بەدانانی دوو كۆمەڵ گەرا كۆمەڵێكیان لەدوای ٣٩ ڕۆژ دەبن بە نێرە، كۆمەڵەكەی تریشیان لە دوای ٤٣ ڕۆژ دەبن بە شـا. دوای جووتبوونی نێرەكان لەگەڵ شـا تازەكاندا، شا تازەكان دەچن بۆ ناو درز و قلیشی دار و دیوارەكان بۆ ئەوەی لە زستاندا خۆیانی تیا حەشار بدەن و دەچنەقۆناغی متبونەوە تا بەهاری داهاتوو، تەنها ئەم شایانە دەمێننەوە بۆ بەهاری داهاتوو لەبەرئەوەی نێرەكان و زەردەواڵە پاڵەكان و شـا كۆنەكان هەمویان دەمرن و ناگەنە ساڵی داهاتوو، بۆیە هەر زەردەواڵەیەک كە لە بەهاردا دەبینرێت ئەوە شـا یە وەپیتراویشە، وە هەرئەویشە دەست دەكاتەوە بەدانانی گەرا چونكە ناو سكی پڕە لە گـەرا.



بۆ مەبەستی كەمكردنەوە یاخود بەرگرتن لێیان پێویستە ئەو شایانە لەناو ببرێن چونكە لەناوبردنی شـا یەک واتە لەناو بردنی هەزارەها زەردەواڵە چونكە هەرئەو شـا یەیە كە گەرای پاڵەكان و پاشانیش گەرای شـا ی ساڵی داهاتوو دا دەنێت ، لێرەدا سوودی مام ڕێویمان بۆ دەردەكەوێت كە دەچێت گەرای شانەكانیان دەخوات بەتایبەتی لەوەرزی پایزدا كە شانەكان گەرای شا ی تێدایە وە لەبەرئەوەی زەردەواڵە سیفەتی وایە لەئاستی خۆی بەستونی بەرزدەبێتەوە دوای ئەوەی كە پارچەیەک خواردنی هەڵگرتووە، سـوود لەو سیفەتەی وەرگیراوە بۆ مەبەستی دروستكردنی هـەلیكۆپتەری تایبەت. وە سـود لەو سیفەتەی وەرگیراوە بۆ لەناوبردنیشی ئەویش بە دروستكردنی تەڵەی تایبەت، وەهەروها ئەتوانرێت هەندێک لە شارەكانیان بە تێكدان یاخود قڕكەر لەناو ببرێت ، یاخود دەرمانی قڕكەریان بـۆ بكرێـت بە گیراوە و بۆیان دابـنرێت بـە مەبەستی كەمـكردنەوەیـان.

## خۆبەخشەكـان كـێـن؟



خەڵكانێكن كە پارە نادەن، بەڵام كاتی خۆیان تەرخان ئەكەن و هاوكاری پێشكەش ئەكەن لە جێبەجێكردنی كـارێكدا، عادەتەن بۆ كارێكی خێرخوازی. ئەوانە بریتین لە خۆبەخش.

## بۆچـی خـۆبەخــش؟

كاری خۆبەخشی یارمەتی گرنگ پێشكەش بە كەسانێك دەكەن كە پێویستیان بەو كارەبێت، بابەتی گرنگ و سودبەخش وە بە كۆمەڵگاش، كە ڕەنگە سودی ئەو كاری خۆبەخشیە كە دەیكەن زۆر مەزنتر بێت بۆتان. كاری خۆبەخشی و یارمەتی كەسانی تر دەبێتە هۆی كەم كردنەوەی فشار، خەمۆكی و هەڵچوون لەسەرتان وە هەست كردن بە بەدەست هێنانی ئامانج. لە كاتێكدا چەندین كاری خۆبەخشی ئەنجام بدەیت، ئەوەندە زیاتر شارەزا و سودمەنتر ئەبیت.

كاری خۆبەخشی پێویست ناكات پابەندبوونێكی زۆری كاتت هەبێت یاخود كاتێكی زۆری پێوە بەسەر بەریت لە كاتی سەرقاڵی ڕۆژانەدا. وە بەخشین بە شێوەیەكی ئاسان و سادە ئەبێتە هۆی یارمەتی دانی ئەو كەسانەی كە پێویستیان بە تواناكانی ئێوەیە وە بۆ باشتر كردنی تەندروستی و بەختەوەرییەكانـتـان.

## سـودەكانی كــاری خــۆبەخـشی؟

**كاری خۆبەخشی و بەستنەوەت بە دەوروبەرەوە:**
* كاری خۆبەخشی یارمەتیت ئەدات بۆ دۆزینەوەی هاوڕێی و پەیوەندی نـوێ.
* دەبێتە هۆی باشتركردنی لایەنی كۆمەڵایەتی و كارامەیی پەیوەندییەكانـت.

**سودی هەیە بۆ لایەنی مێشك و جەستەیت:**
* كاری خۆبەخشی یارمەتیت ئەدات بۆ كەم كردنەوەی فشار، تووڕەیی و دڵەڕاوكێی.
* كەم كردنەوەی خەمۆكی و هەڵچوون.
* كاری خۆبەخشی بەختەوەرت ئەكات.
* كاری خۆبەخشی دەبێتە هۆی زیاد بوونی باوەڕ بە خـۆ بوون.
* كاری خۆبەخشی هەستی گەیشتن بە ئامانجەكانت دابین ئەكات.
* كاری خۆبەخشی جەستەیەكی چالاك و تەندروستت پێ دەبەخشێت.

**كاری خۆبەخشی پیشەكەت پێش دەخـات:**
* كاری خۆبەخشی دەبێتە هۆی دابین كردنی شـارەزایی پیشـەیـی.
* كاری خۆبەخشی دەبێتە هۆی فێركردن و بایەخ دان بە كـارامەیی كـار.

**دابین كردنی خۆشی و گەیشتن بە ئاواتەكانی ژیانت:**
* تێڕوانین بۆ ئامانجەكان و بەرژەوەندییە تایبەتییەكـانت كاتێك كاری خۆبەخشی دەكەیت.


# داكۆكیكردن و یاسا ژینگەییەكان بۆ پارێزەرانی ئاوی عێراق

لایەنی جێبەجێكار — هاوبەش — ئەم پرۆژەیە پشتگیری دارایی كراوە لە لایەن یەكیەتی ئەورووپاوە

Water Right Foundation



ئـامادەكراوە لە لایـەن : دیاری محمد رشید – پرۆژەی داكۆكیكردن




## پـێـكهـاتــەی زەوی چـیــە ؟

پێكهاتەكانی زەوی بریتین لەو بەشانەی كە دەكەونە سەر ڕووی هەسارەی زەوی بە دیمەنی سروشتی جیاواز، تایبەت مەندییە فیزیاییەكانی پێكهاتەكانی زەوی وای كردووە كە لە ڕووی تایبەتمەندی هەر یەكێكیانەوە بێهـاوتا بن وەكو لاپاڵی چیایەك. ئەو پێكهاتانەی كە لەسەر ڕووی زەوی هەن بە گوێرەی كات و بە ملیۆنان ساڵ گەشەیان كردووە لە ژێر كاریگەری داخوران یاخود ڕامالین، باران، ڕەشەبا، چەرخی سەهۆڵی، كارەساتی سروشتی و ڕووداوەكانی لەناوچوون وەك پێكدادانی نەیزەكەكان بە زەوی دا. پێكهاتەكانی زەوی بەشدارن یاخود كاریگەرییان هەیە لەسەر لە كەش و ئاو و هەوا و سیستمی ژینگەیی زەوی.

### ئایا جۆرە جیاوازەكانی پێكهاتهكانی زەوی چین؟

پێكهاتەكانی زەوی چەندین جۆری جیاواز شێوە و قەبارەی جیاوازی هەیە، دیارترین جۆرەكانی پێكهاتەی زەوی بریتین لە چیاكان، گردەكان، دۆڵەكان، دەربەندەكان، ئاگرپژێنەكان، دەشتەكان و تەنانەت پێكهاتەكانی ناو ئاو وەك بەربەستی ناوەڕاستی زەریا و حەوزەكان. لە كاتێكدا دەكرێت تایبەتمەندییەكانیان مسۆگەر بكرێت بۆ ناسینەوەی هەر جۆرێكیـان.

### بایەخ دان بە ڕاستییەكان دەربارەی پێكهاتەكانی زەوی

پێكهاتەكانی زەوی كە لە ئێستادا هەن هەمان ئەو پێكهاتانە نین كە ملیۆنان ساڵ لەمەو پێش هەبوون، گۆڕانكارییان بەسەردا هاتووە.

ئەو هۆكارانەی كە دەبنە هۆی دروست بوونی پێكهاتەكانی زەوی بریتین لە بوركانەكان، بومەلەرزە، سۆنامی، جوڵانی شێوەكان و دیاردە جیاوازەكانی كەش و هەوا.

پێكهاتەكانی زەوی پێویستیان بە چەند ساڵێك یاخود ملیۆنان ساڵ هەیە بۆ دروست بوونیان لە ژێر كەشێكی گونجاودا. بومەلەرزە و بوركانەكان ئەتوانن كاریگەرییان هەبێت لەسەر گۆڕینی ناوچە سروشتییەكان و دروست بوونی پێكهاتەی نوێ یاخود نەمانیان لە ماوەیەكی كاتی كەمدا.

**چیاكان**، بریتین لە بەرزترینی پێكهاتەكانی زەوی، ملیۆنان ساڵی پێویستە بۆ دروست بوونیان، زنجیرە چیاكانی هیمالایا درێژترینی چیاكانای جیهانن، بەشێكی زۆری چیاكە تا ئێستا و بەردەوام ساڵ بە ساڵ لە درێژبووندان بەرەو سەر.

پێكهاتەكانی زەوی كاریگەرییان هەیە لەسەر گۆڕینی كەش و هەوا، بۆ نموونە چیاكان ڕۆڵیان هەیە لە هێواش كردنەوەی ڕەشابا وەك بەربەستێكێك لەبەردەمیدا، وە هەروەها ڕۆڵێكی گرنگیان هەیە لە كۆكردنەوەی ئاودا بۆ نزمترین ئاستی زەوی لە ڕێگەی چەم و ڕووبارەكانەوە.

سێ جۆر چیـا هەیە: بوركانی، شەپۆلی و پارچە (كتلە)، هەر پێكهاتەیەكی زەوی بە هۆكارێكی جیاواز دروست بووە.

**شاخی ئاگریت ( گڕكانەكان)**، پێكهاتەیەكی نوێی دروستكراوی خاكە، هەندێك جار دەكەونە ژێر ئاوەوە كە بە تێپەڕبوونی كات گەشە دەكەن، لە هەمان كاتدا پێكهاتەی خۆراكی گرنگ بۆ جیهان دەستەبەر ئەكەن وە یارمەتی جێگیری بەرگە هەوا دەكەن.

**گردەكـان**، جۆرێكی پێكهاتەی زەوین كە لار دەبنەوە و كەڤەر دەبن بە گیا، عادەتەن لە كەشێكی گەرم تردان بە بەراورد بەشی سەرەوەی چیاكان، كە زۆرجار بەفر و بەستەڵەك بەشی سەرەوەیـان دادەپۆشێت.

**دۆڵەكان**، جۆرێكی شێوەی زەوین كە بەهۆی ڕووباری سەهۆڵی یەوە بەرەو ئاراستەی خاكەكە دەجوڵێن یان بەهۆی داخورانی بەرد و خۆڵەوە بەهۆی ئاوەوە. ڕەنگە دۆڵەكان لە شێوەی پیتی (یو) بن یاخود پیتی (ڤی). شێوەكەی بەوە ئەناسرێتەوە كە چۆن پێك هاتووە و خێرایی دروست بوونەكەشی.

**دەربەندەكان**، جۆرێكی پێكهاتەی زەوین كە جۆرێكی زۆر تەسكی دۆڵەكانن.

**دەشتەكان**، جۆرێكی پێكهاتەی زەوین كە پێكهاتوون لە چەند بەشێكی تەخت لە سەر ڕووی زەوی، كاتێك ڕووبارەكان بە تەنیشت دەشتەكانەوە تێپەڕ دەبن دەشتەكان زۆر گونجاون بۆ دەغڵ و دان وە هەروەها پاڵنەرێكی باشن بۆ ژیان لەو ناوچە دەشتاییانەدا.

بە گشتی ئەرزی تەخت وا لە دەشتەكان دەكات گونجاو بن بۆ دروست كردنی خانوو و بیناكان وە هەروەها دروست بوونی شار لەو ناوچانەدا.

**دوورگەكان**، جۆرێكی تری پێكهاتەی زەوین كە بە ئاو چواردەور دراون.

جۆرەكانی تری پێكهاتەی زەوی ئەمانە دەگرێتەوە: **نیمچە دوورگە** (لە سێ لاوە بە ئاو دەورە دراوە)، **بەرزەخ** یاخود **زەوی نێوان دوو دەریا** (بەشێكی باریكن لە زەوی كە دوو بەشی گەورەتری پێكهاتەی زەوی پێكەوە دەبەستنەوە)، **بیابانەكان** (وشكن، پێكهاتەیەكی لمـین، لە ڕۆژدا زۆر گەرمن وە لە شەودا زۆر ساردن).

لە چەند سەرچاوەیەكی جیاوازەوە وەرگیراوە




دیارترین جۆرەكانی پێكهاتەی زەوی